سودانی پەشوازی لەو منداڵە عێراقیانە دەکات کە پلەی پێشەنگیان بەدەستهێناوە لە پاڕێزەرانی جیهانی بە ژمێریاری زێینی خێرا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە پەشوازی کرد لە ژمارەیەک منداڵی عێراقی لە ناوەندی گەشەپەدانی داهێنەرانی عێراق و خەزانەکانیان و بەرپرسانی ناوەندەکە کە پلەی پێشەنگیان بەدەستهێنا لە پاڕێزەرانی جیهانی ژمێریاری زێینی خێرا کە لە 2023 لە مەمبای بەڕێوچوو .

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە: ئاماژەی بەوە کرد، ئەوەی منداڵانی عێراقی لەم کەبەندە جیهانییەدا بەدەستیان هێناوە مایەی سەربەرزی و شانازییە و خاڵێکی دەستپێکە بە پشتگیریکردنی سەرکەوتن و وخاوەن وزە و بەهرە جیاوازەکان، جگە لەوەش بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ناوی عێراق لە سەر ئاستی جیهاندا ناسنامەی نێتەویی بەهێز دەکات.

هەروەها سودانی ئاماژەی بەوەش کرد کە هەوڵەکان بە پەرەپەدانی بەهرەکان شایەنی ستایش و پێزانینە و ئەمە باوەڕمان وایە کە ناوەندەکە لە ڕێگەی هەوڵەکانی خێیەو ڕێگایەکی جیاوازی بە خێی داناوە لە ئاشکراکردنی ئەو بەهرە و توانایانەی کە داهێنەران لە داهاتوودا هەیدەگرن، بە ئەوەی لە

ئایندەیەکی نزیکدا ببنە زانا و جیاواز لە ڕووی جەراوجەرەوە.

سەرۆک وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت لە پشتیوانیکردنی ئەم خاوەن بەهرانە دواناکەوێت و پێویستە لەسەرمان هەموو ئامرازەکانی هاوکاری پێشکەش بکەین و بەردەوام بین لە سەرخستن و بەردەوامکردنی ناوەندەکە، هەروەها سامانی ڕاستەقینە لە سەرمایەی مرۆیی و وەبەرهێنان لە مرۆڤدایە، چونکە ئێمە وەک سەرمایەیەکی ڕاستەقینە مامەڵە لەگەڵ بەهرەکاندا دەکەین و نەخشاندنی داهاتووی عێراق پشت بە ئێوان دەبەستێت.

سودانی باسی لەوەش کرد کە ئێمە بەردەوام پێویستمان بە نوێکردنەوەی زیاتر هەیە لە پرۆگرامەکاندا، سەرەڕای تێبینیەکانمان لەسەر ئاستی قوتابخانەکان، بەڵام ئێوان بە متمانەوە هەنگاو دەنێن بە لەخۆگرتنی بەهرەکان و هەڵبژاردەیەک لە پاڵەوانان و بەهرەمەندانمان پێشکەش دەکەن کە سەرکەوتوون لە سەر ئاستی جیهاندا، ئێوان باشترین یارمەتیدەر دەبن بە بنیاتنانی وڵاتەکەیان.

لە کۆتایی قسەکانیدا سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەرکی حکومەت تەنها پشتیوانیکردن و ڕێزلێنان نییە، بەڵکو دەبێت ئێو پێشنیارانە لەبەرچاو بگرێت کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاستەکان و کاریگەری ئێو ناوەندانە بە شێوەیەک بێت ڕێگە بە وەبەرهێنانی تواناکان و بەرەوپێشبردنی ئاستی وڵات بدات.

هەروەها سەرۆک وەزیران گوێی لە منداڵە براوەکان گرت و باسیان لە ئەزموونەکەیان کرد و سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان کرد بە چاوپێکەوتنەکەی لە گەڵیاندا و پێزانینی بە دەستکەوتەکەیان.